بەشی چوارەم:

جەنگی صیففین

جەنگی صیففین:

عەلی (ڕەزای خوای لێبێت)، ماوەیەکی زۆر نەمایەوە لە بەصرە پاش شەڕی جەمەل، هەرئەوەندەی کە بەیعەتی لە خەڵکەکە وەرگرتو بارو دۆخەکە ئارام بوویەوە، ئیتر ڕووی کردە کووفە بە سوپاکەیەوە، چونکە لەوێ پشگیریەکی بەهێز پیشان دەدرا لەلایەن خەڵکەکەوە بۆ بەرەنگاری موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لە شام، کە سوور بوون لەسەر سزادانی بکوژانی عوسمان پێش ئەوەی بەیعەت بدەن بە عەلی، لە ئاخاوتنێکدا لەگەڵ هەندێك لە قورئان لەبەران، هەڵوێستیمان بۆ ئاشکرا دەبێت، وەکو لەم ڕیوایەتەدا هاتووە: "ئەبو موسلیمی خەوەلانی لەگەڵ کەسانێکی تر هاتنە لای موعاویەو وتیان: ئایا تۆ بەربەرەکانی لەگەڵ عەلی دەکەیت، یان تۆ وەکو ئەوی؟ موعاویە وتی: نەبەخوا، من ئەزانم عەلی لە من چاکترە، لە منیش مافدارترە، بەڵام ئایا ئێوە نازانن کە عوسمان بە ستەم لێکراوی کوژرا، منیش ئامۆزای ئەوم، من تەنها داوای خوێنی عوسمان دەکەم، بچن بۆلای عەلی با بکوژانی عوسمانم بداتە دەست منیش بەیعەتی پێدەدەم، ئەوانیش هاتنە لای عەلیو قسەیان لەگەڵ کرد، ئەویش ڕازی نەبوو"[1] موعاویە هەمیشە ئەم واتایەی دووپاتدەکردەوە "من لەگەڵ عەلی شەڕم نەدەکرد بە بۆنەی عوسمانەوە نەبێت"[2]

موعاویە خۆی بە مافدار دەزانی، لەوەی کە تۆڵەی عوسمان بکاتەوە، چونکە خۆی سەرگەورەی بەنی ئومەیە بوو، فەرمودەکانی پێغەمبەریش ﷺ ئاماژە بەوە دەکەن کە عوسمان بە ستەملێکراوی

---

١) ابن عساكر: تأريخ دمشق ١٦: ق ٣٥٦، والذهبي: سير اعلام النبلاء ٣: ١٤٠، وابن حجر: فتح الباری ١٣: ٨٦ و حسن ابن حجر اسناد يحيى بن سليمان الجعفي ـ احد شيوخ البخاري ـ فی كتاب صفين.

ئەو كتێبە لە ناوچووە، وەكو چەندین دانراوی تر لەسەر ئەو جەنگە، بۆ نموونە كتێبی "صفين"ی عەبدوڵلای كوڕی ئەحمەدی كوڕی حەنبەل، و كتێبی "صفين"ی ئیبنو دیزل (ابو اسحق ابراهيم بن الحسين بن ديزل وثقة الذهبي فی تذكرة الحفاظ ٢:٦٠٨).

٢) ابن ابی شيبه: المصنف١١: ٩٢ باسناد حسن.

دەکوژرێت، بەڵکو ئەوە باسدەکەن کە ڕاسپاردەی پێکردووە کە واز لە خیلافەت نەهێنێ، ئەوانەش کە هەڵدەسنەوە لە دژی ناویانی بە مونافیق بردووە.[1]

کەعبی کوڕی موڕەی بەهزی (هاوەڵ) شایەتی داوە لە پێش سەربازەکانی موعاویە کە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی عوسمانی کوڕی عەففان فەرموویەتی: "لتخرجن فتنة من تحت قدمي هذا۔ او من بين رجلي هذا ـ هذا ومن اتبعه يومئذ على الهدى". واتە: لە ژێر ئەم پیەمەو۔ یان لەنێوان هەردوو پێمەوە۔ ئاژاوەیەك سەرهەڵدەدا هەرکەسێکیش دوابکەوێ لەسەر ڕێگا ڕاستە. جا ئەگەر بەرگریکەران لەسەر عوسمان لەسەر ڕێگای ڕاست بن، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە شۆڕش دەکەنە سەری کە لەسەر گومڕاین. لەم حاڵەتە هەڵوێستەکە لە دیدی سەربازگەی موعاویەوە بە سەر خۆیاندا دێتە دی کە لەسەر ڕاستنو نەیارەکانیان لە گومڕایدان، بەم شێوەیش شەڕکردنیان لەگەڵ عەلی بە ڕەوا بینی، هەڵەی هەڵوێستیانیش دەرنەکەوت ئەوکاتە نەبێت کە عەمماری کوڕی یاسر کوژرا لە صیففینو موخددەج لە نەهرەوان، ئەوانەی کە پشتیان دەبەست بە دەقە شەرعیەکان لە دیاریکردنی هەڵوێستەکانیان، ڕووبەڕووی بەرەنگاری دەقەکان دەبوونەوە، ڕووداوەکانی ئاژاوەیش کاریگەری دەکرد لە پێگەیشتنی ڕاوبۆچوونی شەرعیو ڕێگەشی دەگرت لەبەرچاو ڕوونی.

ژمارەیەکیش لە شارەزایانی هاوەڵان لە دەرەوەی ململانێکە ڕاوەستان وەکو سەعدی کوڕی ئەبو وەققاصو موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی ئەنصاری، عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو چەندان هاوەڵی تر ڕەزای خوا لە هەموویان بێت. ئینجا عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) سوپایەکی گەورەی ئامادەکرد، ڕیوایەتەکان مەزەندەی دەکەن لە نێوان پەنجا بۆ سەدو پەنجا هەزار کەس[2]، ئەمە لەکاتێکدا سوپای موعاویە مەزەندە کراوە بە شەست هەزار یان حەفتا هەزار یان بیست هەزار[3] کەس، جا ئەگەر دیوانی سەربازەکان لە سەرەتای خیلافەتی عەلی سەد هەزار جەنگاوەری تیا تۆمار کرابوو لە

---

١) احمد: المسند٦: ٧٥، ٨٦ـ ٨٧، ١٤٩، والترمذي: السنن (تحفة الاحوذي ١٠: ٢٠٠)، وابن ماجة: السنن ١: ٤١، ١١٢، ١١٣، وصححه الالباني (صحيح ابن ماجة ١: ٢٥).

٢) خليفه: التأريخ ١٩٣ بسند حسن.

٣) هەندێ ڕیوایەتی لاواز مەزەندەی سوپاکەی کردووە بە حەفتا هەزار، نەوەت هەزار، سەد هەزارو، سەدو دە هەزار و سەدو بیست هەزار. (الذهبي: دول الاسلام١ : ٢٨ بدون سند، وخليفة: التاريخ ١٩٣ بسند فيه مجاهيل، وابن كثير: البداية والنهاية ٧: ٢٦٠، وابن دحية: اعلام النصر ق ١٤ بدون سند، ويعقوب بن سفيان: المعرفة والتأريخ ٣: ١١٣ بسند منقطع، وابن كثير: البداية والنهاية ٧: ٢٦٠، وراجع عن دراسة الروايات عبد المجيد علي ناصر: خلافة علي، الملحق رقم ١٧٢).

خەڵکانی بەصرەو کووفە[1]، لەو حاڵەتە دەبێت سوپای عەلی ژمارەی لە پەنجا هەزار جەنگاوەر تێپەڕێت، بەڵام هەواڵگێڕەوەکان ئاماژە دەکەن بۆ دواکەوتنی هۆزی ئەزد لە بەصرە،[2] هەروەها ئەشتەر پەرۆشیی بۆ شەڕ کەمی کرد، بەڵکو ورەی خەڵکەکەشی داگرت کاتێك داوای لێکردن وردبنەوە لە مەسەلەکە، عومەیری کوڕی سەعیدی نەخەعی کووفی (١٠٧ ك) دەڵێت: کاتێك عەلی لە جەنگی جەمەل گەڕایەوەو خۆی ئامادەدەکرد بۆ جەنگی صیففین، هۆزی نەخەع کۆبوونەوەو چوونە لای ئەشتەر، وتی: ئایا ئەم ماڵە لە نەخەعی زیاتری تیایە؟ وتیان: نەخێر. وتی: ئەم نەتەوەیە ڕوویکردە باشترین کەس تیایداو کوشتی، ئێمەیش چووین بۆ بەصرە، کەسانێك ئێمە بەیعەتمان پێدابوون، زاڵبووینە سەریاندا چونکە ئەوان پەیمانەکەیان شکاندبوو، ئێوەیش سبەینێ بەرەو لای خەڵکی شام دەچن، کەسانێکن بەیعەتیان لە گەردەندا نی یە بەرانبەرتان، جا هەرکەسێك لە ئێوە با بزانێت جێگای شمشێرەکەی کویە"[3] ئەم ئامۆژگاریە سەنگینەش بە لە خواترسان، ئاماژە دەکات بۆ تووڕەبوونی ئەشتەر، بەهۆی دەست نەکەوتنی بۆ ئەوەی کە پێشبینی دەکرد لە فەرمانڕەوایەتی بەصرە کە درایە عەبدوڵڵای کوڕی عەباس[4]، هەروەها ئەو قسانەشی دەربڕین ناکەن لە گۆڕانێکی هەمیشەیی لە هەڵوێستی لە بەرەنگاری مەوعاویەو خەڵکانی شام، چونکە خۆی لە هاندەرانی ئاژاوە بوو لە دژی عوسمان. موعاویەش داوای سەری ئەمو هاوشێوەکانی دەکات لەوانەی کۆبوونەوە بۆ کوشتنی عوسمان.

لە بەرانبەریشدا، ئەحنەفی کوڕی قەیسی تەمیمیو هۆزەکەشی بەشداریان کرد لە سوپای عەلی، لەکاتێکدا ئەو دوورکەوتەوە لە بەشداریکردن لە شەڕی جەمەل بە ڕێگەپێدانی خودی عەلی (رەزای خوای لێبێت).[5]

سوپاکەی عەلی لە ناوچەی نوخەیلەی ڕۆژئاوای کووفە کۆبوونەوە، هەندێ لەو هاوەڵانەشی تیادا بوو کە بەشداری جەنگی بەدرو بەیعەتی (رضوان)یان کردبوو،[1] عەوانەی کوڕی حەکەمی

١) صالح العلي: امتداد العرب في صدر الاسلام٢٥، ٢٦.

٢) البلاذري: انساب الاشراف:٢: ق ٥١ أ عن ابى مخنف وغيره، ئەبو میخنەف لایەنگرێکی بەهێزی عەلییە، بۆیە ڕێدار نییە بە ئەنقەست بەشداریکردنی هۆزەکەی لەو شەڕەدا کەم بکاتەوە.

٣) ابن ابي شيبة: المصنف ١١: ١١٢و ١٥: ٢٦٥، والحاكم: المستدرك٣: ١٠٧ بسند حسن.

٤) الطبري: تأريخ ٤: ٤٩٠ بسند حسن.

٥) البلاذري: انساب الاشراف ٢:ق ٥١ ا عن ابى مخنف وغيره.

هەواڵگێڕەرەوەیش دەگێڕێتەوە کە عەلی لە نوخەیلەوە دوانزە هەزار جەنگاوەری نارد بە ئاڕاستەی موصڵ، دوای بەرەو مەدائین تێپەڕی، لەوێشەوە سێ هەزار جەنگاوەری ڕەوانەکرد[2]، ئەمجا عەلی بە سوپاکەیەوە، لە مەدائینەوە بەڕێکەوت بەرەو قەراغەکانی موصڵ (نەینەوا)[3] دواتر لە فوراتەوە پەڕیەوە ئەوبەر بۆ نزیك ڕەققە، لەوێش لە ناوچەی صیففین دابەزین، شارەکانی جەزیرەیش وەکو ڕەققەو قەرقیسیاو عاناتو هیت، لایەنگری موعاویە بوون، زۆربەشیان لە بەنی ئەڕقەم بوون کە گەڕەکێکی هەرە گەورەیە لە کیندە، ئامادەی شەڕەکەیش بوون لەگەڵ موعاویە.[4]

سوپای خەڵکی شام سەربازگەیان لە صیففین ڕاگرتو دەستیان گرتەسەر ئاوەکاندا، سوپای عێراقیان لێقەدەغەکرد، بۆیە ئەشعەسی کوڕی قەیس ـ بە فەرمانی عەلی ـ هەڵسا بە دەرکردنی ئاوەکان لە دەستی سوپای خەڵکی شام،[5] ئەوەش لەسەرەتای مانگی (ذی الحجة)ی ساڵی ٣٦ کۆچیدا بوو، دوای ئەوە شەڕەکان هەر بەردەوام بوو بە شێوەی دەستە سوار بۆماوەی هەفتەو مانگی یەکەم لە موحەڕەمی ٣٧ك، بەبێ ئەوەی هەردوو لەشکرەکە یەکبگرن، چونکە هەموان هیوای ئاشتیان هێشتا هەر مابوو هەواڵ گێڕەرەوەکان پیان وایە ژمارەی شەڕە بچوکەکان زیاتر لە حەفتا شەڕ بووە،[6] ئینجا لە چوارشەممەی داهاتوودا هەردوو سوپاکە یەکیان گرت، سەرلەشکرانی سوپای عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) بریتی بوون لە: عەلی کوڕی ئەبو تالیب، عەبدوڵڵای کوڕی عەباس، عەممارى کوڕی یاسر، موحەممەدی کوڕی حەنەفیە، هاشمی کوڕی عوتبە، میرقال، ئەشعەسی کوڕی قەیس.

---

١) (ابن دحية) زیاد ڕەوی کردووە لە مەزندەکردنی ژمارەکاندا، تەنانەت وتویەتی حەوت کەسی لە بەشداربوونیانی (رضوان) تیادا بووە، بۆ دەرخستنی ئەوەی کە هەق لەگەڵ عەلی دابووە، بەڵام پەسەند کردنی هەڵوێستی عەلی ئاشکرایەو پێویستی بەم زیادە ڕەویانە نەدەکرد (عبد الحميد علي ناصر: خلافة على ١٨٨ـ ١٨٩.

٢) الطبري: تأريخ ٤: ٥٦٥ باسناد منقطع.

٣) احمد: المسند ١: ٨٥، وابو يعلى الموصلي: المسند ١: ٢٩٨.

٤) ابن سعيد: الطبقات الكبرى، تحقيق عبد العزيز السلومي (اطروحة دكتورا بجامعة أم القرى. وهى قطعة ساقطة من المطبوع) ٢: ٦٣٨ـ ٦٤٠ بدون سند، والبلاذري: أنساب الأشراف ق٥١أ، وإبن حجر: الإصابة ١: ٢٥٩ـ ٢٦٠، وصالح العلي: امتداد العرب في صدر الإسلام ٩٨ـ ٩٩. وعبد الحميد على ناصر: خلافة على ١٨٩ـ ١٩٠.

٥) ابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٢٩٤، وخليفة: التأريخ ١٩٣ بسند حسن.

٦) ابن حجر: فتح الباري ٣: ٨٦ نقلا عن تأريخ ابن ابي خيثمة، واما المصدر المتقدم في ذكر الخبر فهو نصر بن مزاحم (صففين ٢٠٢).

سەرلەشکرانی سوپای موعاویەش (ڕەزای خوای لێبێت) بریتی بوون لە: موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان، عەمری کوڕی عاص، (ذو الکلاع)ی حیمیەری، حەبیبی کوڕی مەسلەمەی فیهری، موخاریقی کوڕی صەباحی کولاعی[1] عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاص[2].

ئەبولعالیەی ڕیفاعیی ـ شایەتحاڵێکی متمانە پێکراوە ـ باسی شەڕەکە دەکاتو دەڵێت: "لەکاتی عەلیو موعاویە، لاوێك بووم شەڕکردنم بەلاوە خۆشتر بوو لە خۆراکی خۆش، خۆمم ئامادەکرد تاکو پیا گەیشتم، بینیم دوو ڕیزن ئەو سەریان دیار نی یە، ئەگەر ئەمانە بڵێن (الله اکبر) ئەوانیش دەڵێن (الله اکبر)، ئەگەر ئەمانە بڵێن (لا اله الا الله) ئەوانیش ئەڵێن (لا اله الا الله). وتی: منیش بەخۆمدا هاتمەوەو وتم: کام کۆمەڵیان بکەم بە کافر، کامیشیان بکەم بە ئیماندار؟ ئیتر نەمهێشت خۆرم لەسەر ئاوا بێت گەڕامەوەو بەجیانم هێشت"[3].

تەنها ئەبولعالیەش نەبوو کە توشی دڵەڕاوکێ بێتو واز لە شەڕکردن بهێنێت، ئائەوە عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاصە ڕاستیی هەستی خۆی دەردەبڕێت، لە کاتێکدا لە تەنیشت باوکیدا ڕاوەستاوەو ئالایشی هەڵگرتووە لە پێشەوەی لە شکری موعاویە.. ئەو دەیوت: "چیم دابو لەم شەڕە، چیم دابوو لە شەڕی موسڵمانان!! خۆزگە دەساڵ پێش ئێستا مەرگم بچەشتایە، سوێند بەخوا نە شمشێرێکم وەشاندووەو نە ڕمو تیرێکم هاویشتووە"[4] عەبدوڵلایش پیاوێکی زاناو فەرموودەناسە، کەچی دڵی پڕ بە گومانە بەرانبەر ڕاستی هەڵویستی لە ئەم ئاژاوە بێئەوەی ئەم مەسەلە لەگەڵ خۆیو دواتر لە گۆڕەپانی جەنگ یەکلابکاتەوە، چونکە باوکی زۆری لێکردبوو لەسەر ئەوەی بەشداری لەشکری خەڵکی شام بکات، فەرموودەی پێغەمبەر ﷺی یاد دەخستەوە "اطع اباك مادام حیا" واتە: بەقسەی باوکت بکە تا لەژیاندایە. ئەویش مەرجی ئەوەی کرد لەگەڵیان ڕاوەستێتو بەشداری نەکات[5]، تۆ بڵێی لەبیری چووبێت گوێڕایەڵی لەچاکەدا دەبێت؟[6]... ئەی

---

١) خليفة: التأريخ ١٩٣ بسند صحيح الى شاهد عيان.

٢)ابن سعد: الطبقات ٤: ٢٦٦ بسند صحيح.

٣) ابن سعد: الطبقات ٧: ١١٤ باسناد فيه يحى بن خليف السعدي، حديثه عن الثوري منكر وليس هذا عنه (ابن عدي: الكامل٧: ٢٧٠٠ـ ٢٧٠١).

٤) ابن سعد: الطبقات الكبرى ٤: ٢٦٦ـ ٢٦٧ باسناد صحيح.

٥) احمد: المسند ـ بتحقيق احمد شاكر ـ ١١: ١٣٨ـ ١٣٩ بسند صحيح.

٦) مسلم: الصحيح ـ بشرح النووي ـ ١٢: ٢٢٧.

خوایەگیان چ حاڵێك بوو سەربازانی موسڵمانی تێدا بوو!! نەفرین لە ئاژاوەو پەشێوی کە پیاوی عاقڵ سەرسام دەکات.

لە ڕاستیدا هەردوو لایەنەکە یەکتریان بە بێباوەڕ نەدەزانی، بەڵام هەندێ لە سەربازە دڵگەرمەکانی سوپای عەلی (ڕەزای خوای لێبێت)، نەفرینیان دەکرد لە خەڵکی شام و بە کافریانیان دەزانین، بەڵام سەرکردەکانیان تیانیان دەخوڕی و بۆیان ڕوونەدەکردنەوە "لە ڕۆژی صیفیندا پیاوێك وتی: خوایە لەعنەتی تۆ لەسەر خەڵکی شام. بۆیە عەلی ((ڕەزای خوای لێبێت)) وتی: جنیو مەدە بەهەموو خەڵکی شام، پیاو چاکیان تێدایە، پیاو چاکیان تێدایە، پیاوچاکیان تێدایە"[1]

زیادی کوڕی حارسەی صەدائی ـ هاوەڵ و شایەتحاڵە ـ دەڵێت: "لە تەنیشتی عەمماری کوڕی یاسر بووم لە شەڕەکەی صیففین، ئەژنۆم لە ئەژنۆی دەدا. پیاوێك وتی: خەڵکی شام کافر بوون. عەمار وتی: وا مەڵێن، پێغەمبەرمان یەکێکە، ڕووگەمان یەکێکە، بەڵام ئەوانە خەڵکێکن عەقڵو ژیریان نەماوەو لە جادەی ڕاست لایانداوە، بۆیە پێویستە لەسەرمان شەڕیان لەگەڵ بکەین تا بیانگێڕینەوە"[2].

لە نێوان هەردوو سوپاکەشدا ڕقو کینە نەبوو، بەڵکو هەرلایەنێك بەرگریی دەکرد لەوەی کە باوەڕی پیەتی و ڕاستە، بۆیە هیچ نی یە شایەتحاڵێکی وەکو عەبدوڕەحمانی سولەمی بڵێت: "لە صفین لەگەڵ عەلیدا بووین، جا ئەو کاتانەی کە موادەعەمان[3] دەکرد، ئەوان دەهاتنە ناو سەربازگەی ئێمە، ئێمەش دەچوینە نا سەربازگەی ئەوان"[4].

هەروەها سەیر نی یە، عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص لەپێش موعاویەدا ـ لەوکاتەی دوو پیاو شەڕیان بوو، هەردووکیان دەیانوت من عەمارم کوشتووە ـ بڵێت: "من گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: دەستە زۆردارەکە دەیکوژێت" موعاویەش سەرسام بوو لەم لێدوانەی عەبدوڵڵا

---

١) عبد الرزاق: المصنف ١١: ٢٤٩ باسناد صحيح.

٢) ابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٢٩٠ وله شواهد فى المصنف ١٥: ٢٩٠ ايضا، وابن عساكر: تأريخ دمشق (تحقيق المنجد) ٣٣٢، ٣٣٣و يعتضد بشواهده الى الحسن لغيرة.

٣) موادەعە لەنێوان هەردوو سوپاکەدا بریتییە لە شەڕ ڕاگرتن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە مەبەستی ناشتنی مردووەکان، یان لەبەر هەر هۆیەکی تر، کە هەردوو لایەنەکە بەلایانەوە پەسەند بێت.

٤) الهيثمي: مجمع الزوائد ٧: ٢٤٠ـ ٢٤١ وقال: رواه الطبراني واحمد باختصار، وابو يعلى بنحو الطبراني، ورجال احمد وابى يعلى ثقات.

و وتی: ئەی ئیتر بۆ لەگەڵمانی؟ وتی: باوکم سکاڵای کردم لای پێغەمبەر ﷺو ئەویش فەرمووی: گوێڕایەڵی باوکت بە تاکو زیندوو بێتو لە قسەی دەرمەچۆ، بۆیە من لەگەڵتانمو بەشداری ناکەم". [1]

بەم شێوەیش بە ڕاشکاوی دەردەکەوێت لە هەقداو هەموو کۆسپەکانی ڕووخۆشیو شەرم تێدەپەڕینێت.. چونکە ئەو فەرموودەی کە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص گێڕایەوە بەڵگەیەکی زۆر بەهێز بوو کە عەلیو سوپاکەی لەسەر ڕاستیو مەعاویە زۆرداره، بەڵام موعاویە فەرموودەکەی بە بارێکی تردا لێکدایەوە: "ئەو کاتەی عەمماری کوڕی یاسر کوژرا عەمری کوڕی حەزم هاتە لای عەمری کوڕی عاصو وتی: عەممار کوژراو من گوێم لێبووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: دەستە زۆردارەکە دەیکوژێت. ئینجا عەمر هەڵسا هەر دەیوت (انا لله وانا الیه راجعون) تۆقیبوو، تا چووە لای موعاویە. موعاویە پێی وت: ئەوە چیت لێقەوماوە؟ وتی: عەممار کوژرا. موعاویە وتی: عەممار کوژرا ئەی دوای ئەوە چی؟ عەمر وتی: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو ﷺ دەیفەرموو: "دەستە زۆردارەکە عەممار دەکوژێت. موعاویە وتی: قسەکەت پوچەڵە، ئایا ئێمە کوشتومانە؟ ئەو کەسە کوشتی کە لە ماڵی خۆی دەریکردو هێنای بۆ ژێر ڕمەکانی ئێمە" [2].

موعاویە بەم لێکدانەوەی بۆ فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ وەی سەربازەکانی شامی بەرز کردەوە، هەروەها وەی سەرکردەکەشی عەمری کوڕی عاص بەهەمان شێوە قوتار کرد، دوای ئەوەی هەستی بە ترسێکی زۆر دەکرد، بەڵکو هەڵسا بە لێکدانەوەی فەرموودەیەکی تریش بە بارێکی تردا، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: "ان قاتله وسالبه فی النار". وتیان ئەوەتا تۆ شەڕی لەگەڵ دەکەی؟ وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: بکوژەکەی و تاڵانکەرەکەی"، [3] واتە: دەقەکە تایبەتە بە بکوژی ڕاستەقینەی بە تەنیا، بەم شێوەیش بە کوشتنی عەممار بۆیان دەرکەوت کە عەلی لەسەر ڕاستەو موعاویە زۆردارە، جا ئەگەر (تأویل) کردن دادی سەربازانی شامی دا بەخۆقایلکردن، بەڵام سوپای

---

١) احمد: المسند ١١: ١٣٨ـ ١٣٩ وقال احمد شاكر: اسناده صحيح.

٢) عبد الرزاق: المصنف ١١: ٢٤٠ باسناد صحيح. وحديث: "تقلته الفئة الباغية" متواتر(السيوطي: الخصائص الكبرى، ط. الهراس ٢: ٤٩٦، وانظر الحديث فى صحيح البخاري ـ فتح الباري ١: ٥٤و ٦: ٣٠و صحيح مسلم ٤: ٢٢٣٥ـ ٢٢٣٦) وراجع حول تواتر الحديث عبد الحميد علي ناصر: خلافة علي ٢١٢ـ ٢١٩. ئەم فەرموودەیە لەدوای کوژرانی عەممار کوڕی یاسر ناوبانگی پەیداکرد.

٣) احمد: المسند (الفتح الرباني ٢٣: ١٤٣ بسند صحيح). وابن سعيد: الطبقات الكبرى ٣: ٢٦٠ بسند صحيح.

عێراق بە کوشتنی عەمار ورەیان بەرز بوویەوەو گومانیان نەما کە لەسەر هەقن، بەرانبەرەکەشیان زۆردارن. ئەمەش لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی بوون[1] واشدەردەکەوێت کە لەدوای سێ ڕۆژو سێ شەو شەڕی سەخت[2]، سەرکەوتن دیاریدا بۆ کۆمەڵی عەلی ((ڕەزای خوای لێبێت)) و هەردوو لایش پابەند بوون بە حوکمەکانی زۆرداران (البغاة)، ئەبو ئومامە ـ هاوەڵو شایەتحاڵە ـ دەڵێت: "من بەخۆم ئامادەی جەنگەکە بووم، کەسم نەبینی هەڵکوتێتە سەر بریندارێك، یان شوێنی هەڵهاتوویەك بکەوێت".

هەروەها ئەبو فاخیتە (٩٠ك)[3]ـ شایەتحاڵێکی متمانە پێکراوە ـ دەڵێت: "دراوسیەکم قسەی بۆکردم و وتی: دیلێکم هێنا بۆ لای عەلی لە ڕۆژی صففین، پێی وتم: ئازادی بکە، خۆ زیندانی ناکەم تاکو بمرێت، من لە پەروەردگاری جیهان دەترسم، ئینجا بە دیلەکەی وت: چاکەت تیایە؟ بەیعەت بدە. بەوەشی وت کە هێنابووی: شتەکانی بۆ خۆت ببە".[4]

موحەممەدی کوڕی سیرینیش (تابیعیەکی گەورەیە لە ١١٠ك وەفاتی کردووە) ژمارەی کوژراوەکان لە جەنگی صففین مەزەندە دەکات بە "حەفتا هەزار، نەیاندەتوانی بیانژمێرن بە قامیش نەبێت، لەسەر هەموو کوژراوێك قامیشێکیان دانا، ئەجا قامیشەکانیان بژارد".[5]

بەهەمان شێوە شایەتحاڵێکی تر کە عەبدورەحمانی کوڕی ئەبزایە دەڵێت: "کوژراوەکان گەیشتنە حەفتا هەزار، چلو پێنج هەزار لە خەڵکی شام و بیست و پێنج هەزار لە خەڵکی عێراق، دەشڵێن کوژراوەکان شەست هەزار بوونە"[6] ئینجا پرسیار کرا لە عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) دەربارەی حاڵی کوژراوان، فەرمووی: "کوژراوانی هەردوو لامان لە بەهەشتدان، مەسەلەکە هەمووی لەسەر منو

١) ابن كثير: البداية والنهاية ٧: ٢٦٧.

٢) ابن كثير: البداية والنهاية ٧: ٢٧٢ـ ٢٧٣.

٣) ابن سعد: الطبقات ٧: ٤١١، والحاكم: المستدرك ٢: ١٥٥ وصححه الألبانى (إرواء الغليل ٨: ١١٤)

٤) عبد الرزاق: المصنف ١٠: ١٢٤ باسناد صحيح، وسعيد بن منصور: السنن ٢: ٣٣٩.

٥) ابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٢٩٥ باسناد صحيح لكنه من مرسل ابن سيرين، وخليفة: التأريخ ١٩٤ مختصرا.

٦) خليفة: التأريخ ١٩٤ باسناد ضعيف بسبب تدليس يزيد بن عبد الرحمن، وضعف عبد الله بن عبد الرحمن بن ابزى فهو مقبول يحتاج الى متابع. ولبعض الرواية شاهد عند خليفة: التأريخ ١٦٤ وهو تقديرهم بسبعين الفا.

موعاویەیە"[1] واتە خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت لەگەڵ موعاویە دەربارەی ڕووداوەکان، لێپرسینەوەشیان لەگەڵ دەکرێت[2].

شایەتحاڵێکی تر، ناوی سالیمی کوڕی عوبەیدی ئەشجەعیەو هاوەڵیشە، وەسفی هەڵوێستی عەلی دەکات (ڕەزای خوای لێبێت)و دەڵێت: "من چاوم بە عەلی کەوت پاش جەنگی صففین، دەستی گرتبووم، بەناو کوژراوەکاندا ڕێماندەکرد، عەلیش هەر داوای لێخۆشبوونی بۆیان دەکرد تاکو گەیشتە لای کوژراوەکانی شام، پێم وت: ئەی ئەمیری بڕواداران، ئێمە لەناو کوژراوانی سەر بە سوپای موعاویەین!؟ عەلی وتی: لێپرسینەوە لەسەر منو موعاویەیە"[3].

دەستاڕی مەرگ بەهەزاران موسڵمانی هاڕیی، ئەوانەش مانەوە بەجارێك ماندوو شەکەت بوون، ئالێرەدا زەینی عەمری کوڕی عاص کرایەوە لەسەر بیرۆکەی دادکاری (تحکیم) کە سوپای شامی قوتارکرد لە شکست، موعاویە پیاوێکی نارد قورئانێکی بەدەستەوە بوو بۆ لای عەلیو پێی وت: قورئانی خوا لەنێوانماندایە، عەلی وتی: ئێمە مافدارترین ئەو قسەیە بکەین. واشدەردەکەوێت کە زۆربەی سەربازانی عێراق مەیلیان هەبوو لە دادکاری، بەڵام زۆربەی ئەوانەی قورئانیان لەبەر بوو بەوە ڕازی نەبوونو وتیان: فەرمان تەنها بۆ خوایە. عەلی وتی: وتەیەکی ڕەوایە، مەبەستیان لێی ناڕەوایە[4]. بەڵام ئەو قورئان لەبەرانە دابڕانو خۆیان لە لەشکری عەلی جیاکردەوە، بەڵگەشیان ئەوەبوو کەڕازی بوو وشەی (امیر المؤمنین) لەسەر ناوی خۆی بسڕێتەوە[5]. ئینجا ئەبوموسای ئەشعەری نوێنەرایەتی عەلی کرد، عەمری کوڕی عاص نوێنەری موعاویە بوو لە کۆبوونەوەی ناوبژیکارەکان لە دەومەتولجەندەل، کۆمەڵێك لە هاوەڵانیش ئامادەی کۆبونەوەکە بوون وەکو: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، کە عەمری کوڕی عاص هەوڵیدا ڕایبکێشێت بۆ ڕیزی موعاویەو پێی وت: "ئێمە پێمان چاکە

---

١) ابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٣٠٣ باسناد صحيح، والطبراني: المعجم الكبير ١٩: ٣٠٧، وسعيد بن منصور: السنن ٢:٣٤٤ـ ٣٤٥ من طريق اخر فهو شاهد له.

٢) ابن عساكر: تأريخ دمشق نقلا عن كاتب صففين لابن ديزل، واسناد ابن ديزل حسن، وابن العديم: بغية الطلب فى تأريخ حلب ١: ق ٢٠٢ ـ ٣٠٣.

٣) سەرچاوە پێشووەکان.

٤) ابن حجر: فتح الباري ٨: ٥٨٧.

٥) البلاذري: انساب الشراف: ٢: ق ٦٠ أ باسناد صحيح، وابو نعيم: حلية الاولياء ١: ٢٩٣ـ ٢٩٤ باسناد صحيح، والذهبي: سير اعلام النبلاء ٣: ٢٢٦ـ ٢٢٧.

بەیعەت بە تۆ بدەین، ئایا ڕازی دەبیت ماڵو سامانت پێبدەین و تۆ بەجێی بهێڵی بۆ کەسێك کە لە تۆ سوورترە لە سەری؟ ئیبنو عومەر لەم قسە زۆر تورە بووو هەڵسا، بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر کردی بەچمکی کراسەکەیداو داینیشاندو ئەجا وتی: بەڵام لێتدا ئەی عەمر!! دواڕۆژت بە دونیا فرۆشتووە، سوێند بە خوامن نە پارەی بۆ دەدەمو نە پارەشی لەسەر وەردەگرم، وەریشی ناگرم بەڕەزامەندی سەرجەم موسڵمانان نەبێت[1]. عەمر وتی: مەبەستم ئەوە بوو تاقیت بکەمەوە"[2] ئیبنو عومەر پێش چەندین جار بەڕاشکاوی وتبووی کە خیلافەت قبوڵ ناکات بەیەکدەنگی موسڵمانان نەبێت[3] واتای ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت کە لە بنچینەوە نایەوێت وەریبگرێت.

جارێکیش عەمری کوڕی عاص تاقیکردەوەو وتی: ئەی ئەبو عەبدوڕەحمان، چی ڕێگرە لەوەی دەرچیتو ئێمە بەیعەتت پێبدەین، کە تۆ هاوەڵی پێغەمبەری ﷺ و کوڕی عومەری کوڕی خەتتابیت، تۆیش لە هەموو کەس مافدارتری پێی؟

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر وەڵامی دایەوە: ئەگەر کەس نەمایەتەوە سێ گومڕا نەبێت لە هەجەر، من پێویستم پێی نەدەکەوت". ئینجا عەمری کوڕی عاص پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات بەیعەت بە موعاویە بدات: "ئایا بەیعەت دەدەیت بە کەسێك خەڵکی ئەوەندەیان نەماوە لەسەری کۆببنەوە، ئەویش ئەوەندە ماڵو سامانو زەویت بۆ بنووسێت کە چیتر نە خۆتو نە نەوەیشت پێویستیان بەهیچ نەبێت دوای ئەوە؟ ئیبنو عومەر وتی: بەڵات لێکەوێ، من ئاینم بە دینارو درهم نافرۆشم، داواکاریشم لە خوای گەورە، لەم دونیایە دەرچم بە دەستێکی سپیو پاکەوە"[4].

ئیبنو عومەر سەرەڕای خۆ بەدوورگرتن لە ئاژاوە، بەڵام بە ڕاشکاوی دەیووت هەق لەگەڵ عەلیدایە، دەیوت: "بەهیچ خەمبارنیم، ئەوەندەی بەوە خەمبارم بەشداریم نەکرد لە جەنگدا لەگەڵ عەلی (ڕەزای خوای لێبێت)"[5].

---

١) هەمان سەرچاوە پێشووەکان.

٢) ابو نعيم: حلية الاولياء ١: ٢٩٣ـ ٢٩٤ باسناد صحيح.

٣) ابن سعيد: الطيقات الكبرى ٤: ١٥١ باسناد صحيح.

٤) ابن سعد: الطبقات الكبرى ٤: ١٦٤، وابن عساكر: تأريخ دمشق (ترجمة عبد الله بن عمر) ق ١٤٥ـ ١٤٦، والذهبي: سير اعلام النبلاء ٣: ٢٢٨، ويقوى شواهده الى الصحيح لغيره.

٥) ابن عبد البر: الاستيعاب ١: ٧٧، والحاكم: المستدرك٣: ١١٧ وقال: صحيح على شرط الشيخين ووافقه الذهبي. والهيثمي: مجمع الزوائد ٧: ٢٤٢ وقال: رواه الطبراني بأسانيد واحدها رجاله رجال الصحيح.

سەبارەت بە کەسایەتی دووەم کە ناوبانگی دەرکرد لە ڕووداوەکانی ناوبژیوانکردندا، ئەبوموسای ئەشعەری بوو، شایەتحاڵێك کە مەسروقی کوڕی ئەجدەعە دەربارەی دەڵێت: "من لەگەڵ ئەبوموسا بووم لەو بەیانیەدا چەکی خێوەتەکەی لاداو وتی: ئەی مەسرووقی کوڕی ئەجدەع. وتم: لە خزمەتتدام ئەی ئەبوموسا. وتی: فەرمانڕەوایی ئەوەیە کە فەرمانڕەوایی تیادا ئەنجام بدرێت، مولکیش ئەوەیە کە بە زۆری شمشێر بەدەست بێت"[1].

لە ڕاستیدا موعاویە هەوڵیدا ـ لەکاتی ناوبژیکردنەکەیان پاش ئەوە ـ کە ئەبوموسا بۆلای خۆی ڕابکێشێت، بەڵام بێسوود بوو، ئەبوموسای وتی: "موعاویە لەنامەیەکیدا بۆی نووسیبووم: سڵاوی خوات لێبێت، دوای ئەوەش دەڵێم: عەمری کوڕی عاص بەیعەتی پێداوم لەسەر ئەو شتانەی کە بەیعەتم لێی وەرگرتووە، سوێند بەخوای گەورەیش، ئەگەر تۆیش لەسەر ئەو شتانە بەیعەتم پێبدەیت، هەردوو کوڕەکەت دەکەم بە فەرمانڕەوا، یەکێکیان لەسەر بەصرەو، ئەوی تر لەسەر کووفە، هیچ دەرگایەکیش بە ڕووتدا دانەخرێت، هیچیش بەبێ تۆ ئەنجام نەدرێت، ئینجا من بە خەتی دەستی خۆم بۆم نووسیوی، تۆیش بەخەتی خۆت وەڵامم بدەرەوە. ئیتر ئەبوموسا بە ئەبو بوردەی کوڕی وت: کوڕم من دوای مردنی پێغەمبەر ﷺ فێری خەت نووسین بووم. وتی: وەکو دوو پشك بۆت دەنوسم. دوای سوپاس و ستایشی خوا، تۆ دەربارەی مەسەلەیەکی گەورە بۆ منت نووسیوە کە تایبەتە بە ئومەتی موحەمەد ﷺ، پێویستم نی یە بەو شتانەی پێشنیارت کردووە بۆم"[2]

ڕیوایەتگەلی لاوازیش هەوڵیداوە وێنەیەکی نابەجێ دروست بکەین بۆ ئەبوموسای ئەشعەری، گوایە ئەو لە لایەن سەربازانی عێراقەوە هەڵبژێردراوەو سەپێنراوەتەوە سەر عەلی (ڕەزای خوای لێبێت)، هەروەها لاوازیی و بێئاگایی نیشانداوە لەکاتی ناوبژیوانەکە، گوایە عەمری کوڕی عاصیش بارودۆخەکەی قۆستووەتەوە بە فێڵی خۆی، بەڵام لەڕاستیدا عەلی ڕازی بوو لە هەڵبژاردنی ئەبوموسای ئەشعەری "ئەحنەفی کوڕی قەیس بە عەلی وت: کاتێك ویستی ئەبوموسا بنێرێت بۆ ناوبژیوانی کردن: تۆ

---

١) ابن سعد: الطبقات ٤: ١١٣ باسناد صحيح.

٢) ابن سعد: الطبقات ٤: ١١١ـ ١١٢ باسناد صحيح. وابن عساكر: تأريخ دمشق ٥٤١ـ ٥٤٢ (ترجمة ابي موسى الاشعري). والذهبي: سير اعلام النبلاء ٢: ٣٩٦، وتأريخ الاسلام (٤١ـ ٦٠هـ) ص١٤٥.

کەسێکی لادیی ناسك دەنێریت... من بنێرە لە جێگەی ئەو بەڵگەنامەت بۆ دەهێنم، دەتخەمە جێگەی گونجاوی خۆت، ئیبنو عەباس پێی وت: ئەی ئەحنەف لێمان گەڕێ، خۆمان باشتر دەزانین چی بکەین"[1].

شاراوەش نی یە کە ئەبوموسا دێرینترو بەتواناترە لە ئیسلامدا، هەروەها شارەزاترو دیندارترە، با دان بەوەشدا بنرێت کە ئەحنەف وریاترو زیرەکترە. ئینجا خۆبەدوورگرتنی ئەبوموسا لە ڕووداوەکانی ئاژاوە، بەتواناتری دەکات لەسەر خۆڕاگرتنو پتەوکردنی کردارو گفتاری زیاتر لە ئەحنەف کە ناحەزێکی سەرسەختە بۆ خەڵکی شام. لەوانەشە یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەبوموسا شارەزاییو کارامەیی بێت لە داوەریدا، جگە لە هەڵسانی بە شێوەیەکی کرداری بەو کارە بۆماوەی چەندین ساڵ لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیو خیلافەتی ئەبو بکرو عومەرو عوسمان[2]

هەرەسهێنانی ناوبژیەکە ناگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی ئەبوموسا، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەختیی چارەسەرکردنی کێشەکەو سووربونی هەردوو لایەنەکە لەسەر هەڵویستەکانی پێشووی خۆیان، هەروەها نەبوونی دەسەڵاتێکی بێلایەن بەدەستی ناوبژیوانەکانەوە بۆ جێبەجێردنی بڕیارەکان. یەکێك لە بەڵگەکانی بێعەیبی ناوبژیوانەکەو بێلایەنێتی، دەقی ئەو بەڵگەنامەیە کە جێگیرکرا، هەروەها ئەو لێبوردنەی کە پیشاندرا بەرانبەر ڕازینەبوونی عەمری کوڕی عاص لەسەر شێوازی بەڵگەنامەی ناوبژیەکە، کە ئاماژە دەکات بۆ وشەی (امیر المؤمنین)، چونکە خەڵکانی شام بەیعەتیان بە عەلی نەداوە بە خیلافەت[3].

دەقی بەڵگەنامەکەش کێشەکە بنەبڕ ناکات، بەڵکوو چوارچێوەی گشتیی بۆ ڕوونکردنەوەکانە، کە زاڵ دەبێت بەسەر وتوێژەکانداو ئامانجەکەی ئاشکرا دەکات، کە بریتیە لە چاکسازیی لە نێوان خەڵکیداو ڕێگەنەدان بۆ دروستبوونی جیاوازیی و شەڕ، هەروەها کاتێکیش دیاری دەکات بۆ کۆتایی پێهێنانی، جێگای ناوبژیوانەکەش دیاری دەکات، کە شوێنێکی مامناوەندیە لە نێوان کووفەو شامو حیجازدا، مەرجیشیان دانابوو کە هەردوولا ڕازین لەسەر ئەو کەسایەتیانەی ئامادەی

---

١) البلاذري: انساب الاشراف ٢: ٥٧ أ باسناد حسن، ورواية عن الاحنف هو محمد بن ابي يعقوب سيد بين تميم ثقة ويحكم مكانته فانه يسطتيع التحفق من صحة المعلومات.

٢) عبد الحميد علي ناصر: خلافة علي ٢٦١ـ ٢٦٢.

٣) ابو عبيد: الاموال ١٥٨ـ ١٥٩ بسند حسن، عبد الرزاق: المصنف ١٠: ١٥٧، ويعقوب بن سفيان: المعرفةو التأريخ ١: ٥٢٢، والنسائي: خصائص امير المؤمنين علي ١٩٥.

وتوویژەکان دەبن، سەبارەت بە شایەتەکانیش.[1] ئەو بەڵگەنامەیە هەرمابوو تا ئەو کاتەی ئەبو ئیسحاقی شەیبانی (فەرموودە ناسێکی متمانە پێکراوە) چاوی پێکەوت، ناویشی بردووە بە: "لاپەڕەیەکی زەرد، لە سەر و ژێرەوە مۆرکرابوو، بە مۆری عەلیو موعاویە، نەخشی مۆرەکەشیان ـ محمد رسول اللّٰه ـ بوو"[2].

هەردوو ناوبژیوانەکەش لە دەومەتولجەندەل کۆبونەوەو نەگەشتن بەهیچ ڕێککەوتنامەیەك، موعاویە خۆیشی ئامادەبوو لەوێ، بەڵام عەلی ئامادە نەبوو، لەوانەشە جموجوڵی خواریجەکان کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوە. موعاویە وتاریدا بۆ خەڵکەکەو وتی: "هەرکێ دەیەوێت لەم مەسەلەیەدا قسەیەك بکات باخۆی دەرخات، چونکە ئێمە لەخۆیو لە باوکیشی مافدارترین لەم مەسەلە، ئیبنو عومەر وتی: هەڵسامو هاتم بڵێم: ئەو کەسە مافدارترە کە لەسەر ئیسلام شەڕی لەگەڵ خۆتو باوکتدا کرد، بەڵام قسەیەك بکەم خەڵکی پەرتەوازە بکاتو ببێتە مایەی خوێن ڕشتن، بە شێوەیەکی تریش لێم بگێڕنەوە، بۆیە باسی ئەو شتانەم کرد کە خوای گەورە بۆ موسڵمانی ئامادەکردووە لە بەهەشت".[3]

بارودۆخەکە هەروەکو خۆی مایەوە، عەلی خەلیفەی موسڵمانانە، موعاویەش فەرمانڕەوای شامە، موعاویە بەیعەتی هەر نەدا بە خیلافەت تاکو دوای شەهید بوونی عەلی لەسەر دەستی خەواریجەکان، بەیعەتەکەشی لە (بیت المقدس) بوو لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٤٠ك، لە پاش گەیشتنی هەواڵی شەهید بوونی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت)[4].

---

١) البلاذري: انساب الاشراف ٢: ق ٥٨أ.

٢) ابن سعد: الطبقات ٣: ٣٠ بسند صحيح. وانظر محمد حميد الله: مجموعة الوثائق السياسة ٥٣٨ـ ٥٤٤ حيث يمكن ملاحظة الاختلاف بين رواية البلاذري وابي مخنف والجاحظ واسماعيل التيمي.

٣) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٧: ٤٠٣) وعبد الرزاق: المصنف ٥: ٤٦٥، وابن سعد: الطبقات ٧: ٤٠٣.

٤) ابن كثير: البداية والنهاية ٨: ١٣١.